# ئاوڕدانەوەیەک لە پڕۆسەی خوێندنەوە و ئامانجەکانی

یاسین قادر بەرزنجی



**بەرایی**

لـەزوودا گوتراوە (مالرۆ) ٣٠ هـەزار دانە لە هەر کتێبێکی دەفرۆشێت، بەڵام ئەمڕۆ فەیلەسوفێکی وەکو (مێشێل ئۆنفری) پڕفرۆشترین نووسەرە کە تیراژی کتێبەکانی گەیشتووەتە ٢٠٠ هەزار دانە، دوا کتێبی (معاهده الالحاد) کە بۆ ٢٠ زمان وەرگێڕدراوە بەو تیراژە بڵاوکراوەتەوە، ئەوانە لەگەڵ زۆربوونی سەرچاوەکانی زانیاریدا هێشتا خوێنەری کتێبە جدییەکان لەسەر خوێندنەوە بەردەوامن.

ئەو نووسەرە دەڵێ: دوای خوێندنەوەی مارکس فەلسەفەم خۆشویست، چونکە چەوسانەوەی خۆمم لەلایەن باوکمەوە دەخاتەوە یاد، هەروەها (نیتشە)شم خۆشویست، چونکە لەوەوە فێربووم چۆن چۆنی بژیم.

سەیر لەوەدایە ئەو فەیلەسوفە ساڵی ١٩٨٠ وەک توێژەرێ سەربارەت بە خۆراک بەرهەمی نووسیوە و کتێبێکی بەناونیشانی "ئەو نەخۆشییانەی تووشی گەدە دەبن" دەرکردووە، بەڵام ساڵی ١٩٩٧ کە کتێبی فەلسەفەی "سیاسەتی یاخیبوون"ی چاپکراوە و ٣٥ هەزار دانەی لێفرۆشراوە.

ئەو نووسەرە فەیلەسوفە، لێبوردوانە لە ئەزموونی دەوڵەمەندیی دەدوێت و دەڵێت: ( مەرج نییە کە کتێبێکم زۆر دەفرۆشرێت زۆرترین خوێنەر هی کتێبەکانی من بن، من ماوەیەکی زۆر دەمنووسی و کەسێک نەیدەخوێندمەوە، لای من ناوبانگ دەرکردنی کتێبێک بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە تیایدا دەرچووە).

### خوێندنەوە و ئامانجەکانی

هەرچۆن چاوانی مرۆڤ دەروازەن بۆ بینینی جیهان و چوونە ناو ژیانەوە، بەهەمان شێوە هەر چاوەکانمانن کە دەبنە سەرچاوەی خوێندنەوە و دوای دیتنی پیشوتە و ڕستە و بابەتەکان، بەهۆی مێشکمانەوە لە واتا و مەبەستەکان دەگەین.

ئەرستۆ لە کتێبی "هونەری ڕەوانبێژی" دا دەڵێت: ((ڕەوانبێژی، واتە ئەنجامدانی پرۆسەی پەیوەندی. هەروەها دەڵێت: گەڕانە بەدوای هەموو ئامرازە گونجاوەکانی ڕازیکردن)).

ئەو فەیلەسوفە، پرۆسەی پەیوەندی لەنێوان (بنێر، پەیام، وەرگر)دا دەبینێ[١].

"هارلۆلد لازویل"یش بۆ گوزارشت لە پرۆسەی پەیوەندی، پێنج پرسیار و پێشنیازی کردووە:

١-کێ؟

٢-چی دەڵێت؟

٣-بەکام ئامراز یاخود کەناڵ؟

٤-بۆ کێ؟

٥-بە چ کاریگەرییەک [٢] ؟

ئەگەر بیرۆکەی "لازویل" بە تەنیا بەسەر پرۆسەی پەیوەندی نێوان نووسەر و خوێنەردا بچەسپێنین، ئەوا دەبێ بڵێین:

لای ئەو، کێ نووسەرەکەیە؟ چی دەڵێت: واتە چ بابەتێکی نووسیوە، بە کام ئامراز... یان نووسینەکەی بەهۆی چ ئامرازێکی چاپکراوەوە دەگەیەنێت؟ بۆ کێ؟ واتە: خوێنەرەکانی کێن؟ بە چ کاریگەرییەک ئەمەیشیان واتە (Feed back) یان ئەنجام و کاریگەری بابەتە نووسراوەکەیە لای خوێنەر.

لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، ژیان ئاڵۆز بووە و بەرامبەر ئەوەش پەیبردن بە زانیارییەکان زیادیان کردووە. زانیارییەکان بۆ ژیانی تاک و کۆمەڵ، بایەخی گرنگیان هەبووە؟ ڕەگەزێکە و لە هەر چالاکییەکماندا ناتوانین لێی بێبەش بین و کەرەسەی خاون بۆ توێژینەوەی زانستی و سەنگی مەحەکیشن بۆ وەرگرتنی بڕیارە ڕاست و دروستەکان لەژیانماندا، ئەوانەی زانیاری تەواویان لابێ لەم ژیانە پڕ لە جەنجاڵیی و گرفتەدا، خاوەنی قسە و کرداری بەهێز و کاریگەر دەبن، نەوەک هەڵوێستی سەرپێیی و کوێرانە[٣].

ئەمانەش هەمووی لە کتێب و نووسراوەکاندا چنگ دەکەون کە هەمیشە مرۆڤی خوێنەری چالاک و ژیر، هەوڵی خوێندنەوەیان دەدات.

"م. ئادلەر" لە کتێبەکەیدا "چۆن کتێبێک دەخوێنیتەوە"دا دەڵێت: ((ئەوەی زۆر دەخوێنێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی خراپ لێیان حاڵی دەبێت، لەبری ستایش هەقە بەزەییمان پیایدا بێتەوە)). چونکە هەروەک "تۆماس هوبس" گوتوویەتی: ((نووسەرە مەزنەکان خوێنەرە مەزنەکان بوون، ئەمەش بەو واتایە نایەت هەرچی کتێب هەیە لە ڕۆژگاری خۆیاندا خوێندبێتیانەوە، زۆربەی جار ئەوەی خوێندوویانەتەوە بارتەقای ئەو کتێبانە نەبوون کە لە کۆلیژەکانماندا پرۆگرامن، بەڵام ئەوان هەرچییەکیان خوێندبێتەوە بە باشی خوێندوویانەتەوە[٤])).

### ئاوڕدانەوەیەک لەمێژووی خوێندنەوە

ئەوەی مرۆڤ لە سەرجەم گیانلەبەرانی دیکە جیادەکاتەوە، توانای گوزارشتکردنێتی لە بیرۆکەکانی،

ئەمەش لە سەردەمە بەراییەکانی مێژووی ئادەمیزادەوە دەرکەوتووە، کاتێک بە ئاماژە و جووڵە، داوا و مەبەستەکانیان لە یەکتر گەیاندووە، پاشانیش یەکەمین شۆڕشی مرۆڤ ئەو دەمە بوو کە مرۆڤەکان توانیویانە بدوێن و بە درکاندنی وشەکان لەیەکتر تێگەیشتوون.

شۆڕشی دووەمی مرۆڤیش لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا بووە کە بە دێرینترین کۆمەڵگە ناسراون، چونکە نووسینیان داهێناوە، ئەوان توانیویانە لەسەر قوڕ بنووسن، ئەمەش نزیک بە ٣٦٠٠ ساڵ لە پێش زایینەوە بووە.

تەنە قوڕینەکان، بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی ئەو سەردەمانەیان تۆمارکردووە و پاراستووە، بەڵام ئەو نووسراوانە گران بوون و بە تەنیا پیاوانی ئایین و نەوەی چینە دەوڵەمەندەکان توانای کڕینیان هەبووە، لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و لەسەر قەد و سینەی بەردەکانیش، گەلێ نووسراو جێماون.

بەڵام وەک ئاماژەی پێکرا، لەو سەردەمانەدا، خوێندنەوە بە تەنیا بۆ چینە باڵادەستە ئۆرستۆکراتییەکان بووە، هەر منداڵی ئەوانیش فێری خوێندن و نووسین دەکران، چونکە لەو کۆمەڵگە دێرینەدا بەلایانەوە نەنگی بووە کە هەژاران بخوێننەوە، لە سەدەی دەیەمدا دامەزراوەکان خوێندنگەیان داناوە، بەڵام کتێب هەر بە تەنیا بۆ ژمارەیەکی کەمی قوتابیان بووە.

دوای ملیۆنان ساڵ، مرۆڤایەتی توانیویەتی زمان دابهێنێت، واتە زمانی ئاخاوتن لەگەڵ یەکتر. دوای چەندین سەدەش، توانراوە نووسین ببێتە یەکێک لە ڕاستییەکانی ژیانی مرۆڤ. دیرۆکی نووسین بە وێنە، واتە وێنەی کێشراوی واتاکان بۆ نووسینی هێمایی، بەواتایەکی دیکە بەکارهێنانی پیتە سادە و ساکارەکان بۆ گوزارشت لە دەنگە دیاریکراوەکان بوون، تادەگات بە نووسینی (ئەلف و بێ) کە دەکرێ مێژووەکەی بۆ هەزارەی یەکەمی (پ. ز) لەناوچەکانی خۆرهەڵاتی دوور (الادنی) دێرین[٥]، بگێڕینەوە.

بەڵام بە داهێنانی چاپ و چاپخانە لەلایەن (یۆلمان گۆتنبێرگ)ی ئەڵمانییەوە، لە ساڵی ١٤٣٩دا شۆڕشێکی زانیاری گەورە داهێنرا. ئەو، بە بیست ساڵی ڕەبەق داهێنانەکەی ئەنجامداوە، لەوێوە لاپەڕە و ڕۆژنامە و نامیلکەی بچووک، کەوتوونەتە بەرچاو و لەگەڵ ڕەوتی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیادا چاپکراوەکان ڕوو لە گەشەکردن بوون، تا گەیشتوون بەمڕۆی پڕ لە داهێنان و چاپەمەنی جۆراوجۆر و نووسراوی نێو تەکنەلۆژیای پێشکەتوو کە لە پەیوەندی ئینتەرنێتیدا خۆی دەبینێتەوە.

بەدرێژایی قۆناغەکانی گەشەکردنی نووسین، خوێنەران شوێن نووسراوەکان گەیشتوون و لەم سەردەمە نوێیەدا، خوێندنەوە بووەتە پیشەی ڕۆژانە و بەردەوامیی هەموو مرۆڤێک، بەجیاوازی تەمەن و ڕەگەزیانەوە.

### بۆچی دەخوێنینەوە ؟

ئەگەر نووسین بۆ پاراستنی بەخششی مرۆیی بێت، ئەوا خوێندنەوەش بۆ بەکارهێنانی ئەو بەخششەیە لە ژیانی ڕۆژانەماندا، کەواتە هەر بەرهەمێکی نووسراو، گەر لایەنی بەرامبەری کە (وەرگر) یان (خوێنەرە، بوونی نەبێت، ئەوا هیچ ئامانجێک ناپێکێت، لێرەوە خوێندنەوە بەرامبەر بە نووسین، پارسەنگە و بەدیهێنەری ئامانجەکەیەتی.

خوێندنەوە پرۆسەیەکە لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا کە تەواو جیاوازن لەیەکتر، لەکۆندا خوێندنەوە تەنیا بۆ پاکژبوونەوەی ڕۆح بووە، واتە بۆ ئارامگرتنی دەروونی مرۆڤ و دڵنیایی و ئاسوودەیی. دواتر لەگەڵ پەیدابوونی بازرگانی و هاموشۆ و دروستبوونی شەڕ و شۆڕ، مرۆڤ پێویستی بەوە بووە بۆ ئاگاداربوون لە بوونی خۆیی و پەرەپێدانی ژیانی، عەوداڵی ڕۆژنامە بچووکە چاپکراوەکان بێت کە تەرخان بوون بۆ

بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەو ڕەوشە ناوبراوانە... دواتر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زمانی ئەدەبیات و کەوتنە بەرچاوی ژانرە ئەدەبییەکاندا، مرۆڤ بۆ چێژوەرگرتن و شۆڕبوونەوە بە ناخی ژیان و جوانییەکاندا، پەنای بۆ خوێندنەوە بردووە، پاشانیش زمانی زانستی و زانیارییەکان، بەداڕشتنی نووسراوەکانەوە بینراوە و مرۆڤ بۆ خوێندن و بەدیهێنانی خەون و ئامانجە زانستییەکانی، لەسەر خوێدنەوەیان بەردەوام بووە.

لە چەند دەیەیەکی ڕابردووشدا، بە داهێنانی پەیوەندی ئەلکترۆنی "واتە ئینتەرنێت"، شۆڕشێکی نوێ بەسەر پەیوەندی و پرۆسەی خوێندنەوەدا هاتووە، ئەنجامی ئەم شۆڕشە نوێیەش، هەر زوو دەرکەوتووە و کاریگەری لەسەر ڕەوتی ژیانی مرۆڤ هەبووە، بە هەموو لایەنەکانیەوە.

خوێنەر لەڕێی ئامێزی کۆمپیوتەرەوە لە هەر جێیەک بیەوێ بە تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەگات و زانیاری یەکجار زۆری دەستدەکەوێت، لەکاتی کەم و بێ خەرجیی و ئەرکێکی ئەوتۆ... خوێنەر، لەڕێی پەیوەندی ئینتەرنێتەوە، توانیویەتی ئامانجی جودا لە خوێندنەوە بەدەستبهێنێت، وەک:

- ئازادیی لە وەرگرتنی هەر بابەتێک.
- بەردەوامی لە شوێنکەوتنە هزریی و ڕووناکبیرییەکان و ...تاد.
- بەزوویی چنگکەوتنی هەر شتێک کە مەبەست بێت.
- دەرکەوتنی توانا و شاردراوەکانمان.
- بەسەربردنی کاتی خۆش و بە کەڵک و خۆشگوزەراندن.
- بڵاوکردنەوە بەشێوەیەکی خێرا لە ماڵپەڕەکاندا.
- ئاسانیی گەڕان بەدوای سەرچاوەکاندا.

**لەگەڵ ئەوانەشدا لە تەماشاکردنی ئینتەرنێتدا لایەنی سلبی هەیە، وەک:**

- دانیشتنی زۆر بە دیاریەوە و کات بەسەربردنی نەگونجاو و دوورکەوتنەوە لە ژیانی ڕۆژانە.
- کاریگەریی تەندروستی لەسەر چاو.
- پەشێوی دەروونیی و ...تاد[٦].

خوێندنەوەی هەر بابەتێک، دەسەڵاتی بابەتەکە دەسەلمێنێت، لەوێوە میکانیزمی تەواوکەری خوێندنەوەی "بابەت" دێتە ئاراوە، لەوێشەوە ئاستی خوێندنەوە و مەبەست و مەرامەکانی خوێندنەوە دەردەکەوتن.

هەر کەسە و ئامانجێک لەپشتی هەڵبژاردنەکانیەوە هەیە، خوێندنەوەی تێزێکی زانستی بۆ هەر پرۆژە یان توێژینەوەیەک جیاوازە، لە خوێندنەوەی قەسیدەیەک یان چیرۆکێک، یاخود شانۆنامەیەک، خوێندنەوەی بابەتێکی ڕەخنەیی و فیکریی و فەلسەفیی جودایە لە خوێندنەوەی گۆڤارێکی تایبەتمەند یان هەمەڕەنگ یان ڕۆژنامەیەکی گشتی...

خوێندنەوە و چالاکییەکانی ئەرکی مرۆییە بە مەبەستی گەشەکردنی مێشک و تواناکانی زانین و زانیارییە، بەهۆی وشەی نووسراوەوە.

**لێرەوە دەپرسین خوێنەر کێیە؟**

دیارە ئەو کەسەیە کە ڕادەیەکی زۆر زانیاری لەلایە، تێنەگەیشتنی فراوانیان بۆ ژیان و جیهانبینی هەیە، ئەی بۆچی بەشێوەیەکی بەردەوام دەخوێنینەوە؟ دیارە بۆ پەیداکردنی زانیاری زیاتر، یان بۆ خۆشبەسەربردنی کاتەکانی، بەڵام ئەوانەی هەر بە تەنیا بۆ خۆشبەسەربردنی کاتەکان دەخوێننەوە، لەکاتێکدا هەر ئەلتەرناتیڤێکی دیکەیان دەستبکەوێت، واز لە خوێندنەوە دەهێنن.

**دەبێ خوێنەر ئەمانە بزانێت:**

- ناسنامە و ئاستی مەعریفی نووسەرەکان.
- ڕیزبەندی لە هەڵبژاردەی کتێبەکاندا.

هەڵبەتە ئاستی خوێندنەوە لە وڵاتێک بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە: وڵاتی "نەرویج" لەپێشەوەی وڵاتانی ئەوروپا دایە، کە خوێندنەوە بووەتە کولتوورێکی بەردەوام، چونکە پەروەردە و فێرکردن بە میتۆدی زانستی تیایدا بەڕێوەدەچێت و ئارامیی سیاسی و سەقامگیری ئابووریش، فاکتەری پۆزەتیڤی ئەو دیاردەیەن.

هەرچەند بەربڵاوی چاپکراوە دەورییەکان "خولاوەکان" لە زۆر جێدا بەسەر کتێبدا زاڵن، بەڵام هەمیشە خوێنەری تایبەتمەندی کتێب، لێرەولەوێ دەبینرێن و کتێب لە دووتوێی خۆیدا ئەفسوون و جوانییەکی ئەوتۆی حەشارداوە کە لە چاپکراوی دیکەدا بوونی نییە.

هەڵبەت، زۆربوونی کتێبەکان و بەردەوامیی نمایشی کتێب لە وەرزەکانی ساڵدا و هەمەجۆری چاپەمەنییەکان و سەرلەنوێ لەچاپدانەوەی کتێبە دەگمەن و کۆنەکان و ئاگادار بوون لە نرخی چاپکراوەکان "بەتایبەت کتێب"، بۆ وابەستەبوونی خوێنەر بە پرۆسەی خوێندنەوەوە، ڕێگە خۆشکەر دەبن.

**چۆنێتی خوێندنەوە**

زانستی دەروونزانی بە تەنێ کۆمەڵێک زانیاری نییە، بەڵکو میتۆدی ڕوانینە بۆ مرۆڤ و شۆڕبوونەوە بە ناخیدا، لەگەڵ شیکردنەوەی هەڵسوکەوتی بەخوێندنەوەشەوە. مرۆڤ گیانەوەرێکی بیرکەرەوەیە و لە توانایدایە کە گرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات، ئەویش دوای بیرکردنەوە و پێودان و هەڵسەنگاندنی زانستییانە، دیارە ئەو ئاکامانەش بەهۆی خوێندنەوەوە دێنە دی، واتە بۆ هەر چارەسەرێ، پەنابردنە بەر چەمکی دیاردەکان کە ئەوانیش لە سەرچاوە چاپکراوەکاندا، چنگدەکەون.

عەزیز ئەلتەمیمی لە وتاری "دەسەڵاتی تێکست[7]"دا، ئاوڕ لەلایەنی فەلسەفی خوێندنەوە دەداتەوە و دەڵێت: ((دیدی فەلسەفیی هەر تێکستێک، بەشدار دەبێت لە بەرهەمهێنانی دیدی فەلسەفییانەی خوێنەردا بۆ تێکستی بەرهەمهێنراو، ئەمە شتێکی گەوهەریی و سەرەکییە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، لەوێوە هەردوو کاریگەری دێنەدی، کاریگەری تێکست لەسەر خوێنەر و پاشانیش کاریگەری خوێنەر بۆ خودی خۆی، کە دوای خوێندنەوە دروستدەبێت. لەگەڵ هەڵسەنگاندنی تێکستی بەرهەمهێنراو)).

**چۆن بخوێنینەوە؟**

بەجەختکردنەوەوە، عەباس مەحموود عەقاد، گەورە نووسەر و بیرمەندی عەرەب، گوتوویەتی:

((سێ جار خوێندنەوەی کتێبێکی باش لە خوێندنەوەی سێ کتێب باشترە)).

خوێندنەوەی بێدەنگ یان بێدەنگی لەخوێندنەوەدا، شیاوترین جۆری خوێندنەوەیە، واتە تەنیا بەچاو و بێ بزواندنی لێو و جوڵاندنی زمان، ئەمەش بۆ خۆت ئارامییە و بۆ دەوروبەریش پاراستنی هێمنییە، هەرچۆن لەکاتێکی کەمدا زیاتریش دەخوێنینەوە...

خوێندنەوە بەخێرایی، واتە بۆ گێڕانەوەی کات، مرۆڤ بەو جۆرە بخوێنێتەوە ٥٠ -١٠٠٪ لە خوێندنەوەی زیاد دەکات. وشە وشە نا، بەڵکو دەستەواژە و ڕستە بە ڕستە، تێگەیشتن لەواتای گشتی بابەت مەرجە.

ساڵح بن محەمەد الاسیری لە کتێبی "منهجیە قراوە الکتب[8]"دا چەند بیرۆکەیەک دەخاتەڕوو، لەوانە:

- دەبێ خوێنەر ئاگاداری ئەم خاڵانە بێت:

١. خوێنەر زاڵ بێت بەسەر زمانی نووسراوی کتێبەکەدا.
٢. دەبێت ئامانجی لە خوێندنەوەی کتێبەکە لەبەرچاوبێت.
٣. شێوازی خوێندنەوەکەی، واتە هەمووی یان چەند بەشێکی.
هەردەمی بەر لە بکەین، یان پەیداکردنی کتێب، بزانێ ناوەرۆک و بایەخی چییە.

لەگەڵ ئاگاداربوونی کات، چونکە کتێب زۆرە و کاتیش کەمە. "فریدیک نیتشە"ی فەیلەسوفی مێژووی نوێ کە ملیۆنان ئادەمیزادی بەخۆیەوە خەریک کردووە و لە ئاقاری فەلسەفەوە بناغەی بۆ زانستی دەروونزانی دارشتووە، ساڵی ١٨٦٥ لەزانکۆی "لایبزک" کارەکانی "شۆپنهاور"ی خوێندووەتەوە و فەلسەفەکەی کاریگەری زۆری لەسەر جێهێشتووە، تەنانەت جوداکردنەوەی لە خودی خۆی، هەر بە کاریگەری ئەو بووە، ئەوەش بۆ خودناسیی بووەتە یەکەم هەنگاوی کە بەردەوام بەو چەمکەدا ڕۆچووە، هەر بەکاریگەری ئەویش، شوێن گۆشەگیری و تەنیایی کەوت.

نیتشە دەڵێت: ((لە بیرۆکەکانی ئەوەوە، جیهان و ژیان و ڕۆحی خۆمم بینی، بینیم چاوانی هونەر تێمدەڕوانێ، لێرەدا دیسانەوە ئازار و شینم بینی، بێئارامیی و سەرفرازیی، بەهەشت و دۆزەخ، هەستمکرد دەبێت بزانم من کێم؟ چونکە دەمویست بە باشی جەوهەری مرۆڤ بونیاد بنێم))[٩].

نیتشەی خوێندەوار و زانا، بۆ مرۆڤ خواستی زۆر بووە، پێشی وابووە فەلسەفەکەی ئەوە کە بۆ وەدەستهێنانی بوونی ڕاستەقینە، دەبێتە فریادرەسی مرۆڤ. هەر بۆیە بە دەنگی بەرز بە مرۆڤی دەگوت "ڕاپەڕە"... ئەم هاوارە بۆ؟ بۆچی مرۆڤ هەر هەمووی لە شیرین خەودا بوون؟.

**پۆلێنی خوێندنەوە**

نووسەر "شاهۆ عوسمان سەید قادر" لە کتێبەکەیدا[١٠]، لەدەروازەیەک بۆ زانستی کتێبخانە و سەنتەری زانیاریدا، خوێندنەوە بەسەر سێ بەشدا پۆلێن دەکات:
١. خوێندنەوە بە مەبەستی ڕۆشنبیری.
٢. خوێندنەوە بە مەبەستی گاڵتەجاڕ "دیارە مەبەستی لە خۆشگوزەراندن، یان خۆشبەسەربردنە"؟
٣. خوێندنەوە بۆ بەدیهێنانی بڕوانامە.

لەئاقاری ئەو باسەوە، چەند ئاماژەیەک بۆ ڕۆڵی کتێبخانە دەکات لەهاندانی خوێنەردا، دیارترینیان ئەو کەشە ئازادەیە کە لە کتێبخانەدا دەخوڵقێت بۆ هەر هاموشۆکەرێک بە جیاوازی ڕەگەز و تەمەن و ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیرییانەوە، هەروەها فێربوونی هاموشۆکەر بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە پێویستییەکانی لەڕێی لیست و چەکمەجەکانی کارت و بیبلیۆگرافیا بەردەستەکانەوە، لەگەڵ بەسەربردنی کاتی بەسوود لەنێو کتێبخانەدا.

**ئەوانەی لەخوێندنەوە بێزار دەبن!**

بریتین لەو کەسانەی کە:
- درەنگ ڕادێن لەسەری و نایکەنە ئارەزووییەکی بەردەوام.
- بێئارامن و پشێوی دەروونییان پێوە دیارە.
- ئاستی خوێندەوارییان سنووردارە و لەمانا بەرزەکانی خوێندنەوە ناحاڵین.

- درێژی بابەتە نووسراوەکان، دەیانترسێنێت!
- پەلاماری سەرچاوەی قورس دەدەن.
- کاتەکانیان بەشتی بێسوودەوە دەبەنە سەر.
- هاوڕێ و کەسوکاری خوێنەریان نییە

### چارەسەر بە خوێندنەوە

لەسەر دیواری کتێبخانە دێرینەکانی وڵاتی میسر دەنووسرا: ((ئێرە چارەسەری ڕۆحی تیادا دەکرێ))، یان ((ماڵی چارەسەری دەروون)). لەوێشەوە ئەو دروشمانە بۆ بابلی و ئاشوورییەکان و ڕۆمان و گریکەکان، گوازرانەوە.

ئەو چارەسەرەی پزیشکان بۆ مرۆڤی ماندووی دەکەن، جودایە لەوەی زانایانی دەروونزانی دەیکەن و ئەوەیش کە کارمەندانی کتێبخانەکان دەیکەن، لە هەردووکیان جودایە.

د. شەعبان خەلیفە نەخۆشییەکانی مرۆڤ بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشدەکات، بەرامبەریشیان قسە لەسەر چوار چارەسەر دەکات:

١. نەخۆشی جەستەیی کە بە داوودەرمان و نەشتەرگەریی چارەسەر دەکرێن.
٢. نەخۆشی دەروونی کە چارەسەرەکەی داودەرمان و خوێندنەوەیە لەیەک کاتدا.
٣. نەخۆشی جەستەیی و دەروونی کە دیسانەوە بە داوودەرمان و خوێندنەوە چارەسەر دەکرێن.
٤. نەخۆشی چوارەمیش، ڕۆحییە و چارەسەرەکەی بە تەنیا و تەنیا، هەر خوێندنەوەیە[11].

### ئاخۆ لە کوردستاندا ڕەوشی خوێندنەوە لەبرەو دایە؟

تارادەیەکی زۆر نەخێر، ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانە:

١. بەشێوەیەکی گشتی و لای مرۆڤی کورد، خوێندنەوە نەبووە بە کولتوورێک.
٢. کەمیی کتێبخانە و سەرچاوەکانی زانیاری و پڕ لە کتێبی بەنرخ.
٣. خراپیی و زۆری کتێبخانەکان لەڕووی کەرەستەکان و ساردی و گەرمی هۆڵەکان.
٤. نائارامیی لەناو کتێبخانەکاندا.
٥. بوونی چەندین کارمەندی نەگونجاو بۆ کاری کتێبخانە و کەمی پسپۆڕ و شارەزایان تیایاندا.
٦. بێهیوایی گەنجان بەرامبەر ئایندەی خۆیان و خراپی بژێوی زۆربەیان و بێکارییان.

### سەرچاوەکان:

١. د. حسن عماد مکاوی و د. لیلی حسین السید، الاتصالات و نظریاته المعاصره، القاهره، دار المصریه اللبنانیه، ٢٠٠٤.
٢. د. حسن عماد مکاوی، تکنلوجیا الاتصال الحدیثة فی عصر المعلومات، القاهره، دار المصریه اللبنانیه، ٢٠٠٣.
٣. عکاب سالم الظاهر، موضوعات فی الکتابه، بیروت، دار العربیه للعلوم ناشرون، ٢٠٠٨.
٤. شاهۆ عوسمان، دەروازەیەک بۆ زانستی کتێبخانە و سەنتەری زانیاری، کۆمەڵەی کتێبخانە و زانیارییەکان، هەولێر، ٢٠٠٩.
٥. لەگەڵ کۆمەڵێک ماڵپەری ئینتەرنێت کە لەپەراوێزەکاندا ئاماژەیان پێکراوە...

**پەراوێزەكان:**


١. د. حسن عماد مكاوى و د. ليلى حسين السيد، ام الاتصالات و نظرياته المعاصره، ل ٣٧.

٢. هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.

٣. د. حسن عماد مكاوى، تكنلوجيا الاتصال الحديثه فى عصر المعلومات، ل ٢٧.

٤. عكاب سالم الطاهر، موضوعات فى الكتابه، ل ٥٩.

٥. د. حسن عماد مكاوى و د. ليلى حسين السيد، الاتصالات و نظرياته المعاصره، ل ٩٤.

٦. www.nadye lfikr.net.

٧. www.anhaar.com.

٨. www.saaid.net.

٩. net.www.omania٢.

١٠. شاهۆ عوسمان، دەروازەیەک بۆ زانستی کتێبخانە و سەنتەری زانیاری، ل ٢٠٤، ٢٠٥.

١١. www.islamonline.net.


